زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی زمان
بەشی كوردی
قۆناغی سێیەم / كۆرسی یەكەم

# رێبازی لێكۆڵینەوە

# هەندێ سەرچاوەی پێویست


- ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی ، تەڵاڵ مەجزوب ، و: مەریوان عەبدول ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، 2007

-بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ، ئیدریس عبدالله ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر ، 2012

- زانستی کتێبخانە ، علی محمود جوکل، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، 1987

- بیلۆگرافیای کتێبی کوردی 1787-1975، نەریمان، مستەفا سەید احمد، چاپکراوی کۆری زانیاری کورد ،بغداد، 1977

- فەرهەنگی ئەدیب و نوسەرانی کورد، نەریمان، مستەفا سەید احمد، چاپخانەی ئەسعەد، بغداد، 1986

- تگور علم المكتبات ، صالح غنيه خماس، دائره الشئؤون الپقافيه والنشر ،1986

-مصادرالمعلومات فى المكتبات ، عمر ،احمد انور، گبع 2 الرياچ، دار الويخ، 1980

-التصنيف والفهرسه فى علم الكتبات ، مگبعه المعارف ،بغداد، 1963

## سەرەتاو ئاشنابوون بەزانستی ڕێبازی لێکۆلینەوە

**زانستی ڕێبازی لێکۆڵنەوە (میتۆدی زانستی) بەهەموو جۆرەکانیەوە بابەتێکی گرنیگ و جێگای بایەخە , بەتایبەتی لە ولآتە پێشکەوتووەکان چەندین کتێب بەزمانە جیهانیەکان دەربارەی ئەم بابەتە لە کتێبخانەکاندا بەرچاو دەکەوێت.**

**ئەم زانستە بنەما سەرەکییەکانی لێکۆلینەوەی زانستی لەخۆ دەگرێت باس لەوە دەکات , کەچۆن دەتوانین بەپێی (میتۆدە زانستیەکان) لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئەنجام بدەین بگەینە راستیەکان ئەمرۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و میتۆدی زانستیەکان لەسەر ئەم زانستە بە هەردوو لقە سەرەکیەکەیەوە پەیرەو دەکرێت , هەر کۆمەڵگایەك لەبوارە جیاجیاکاندا وە لەسەنتەرە ئەکادیمیەکاندا پشت بە لێکۆلێنەوە زانستیەکان نەبەستێت لە کاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت.**

**ئەم سەردەمەی ئێستا بەسەردەمی شۆرشی زانستی و تەکنەلۆژیا ناسراوە شۆرشی تەکنەلۆژیاش هەمیشە وە بەبەردەوامی پشتی بە لێکۆڵینەوە زانستیەکان بەستووە وە دەبەستێت, بۆیە دەبینین ولآتە پێشکەوتووەکان لەرووی تەکنەلۆژیاوە هەنگاوی گەورەیان ناوە و لە رووی چەندییەتی و چۆنیەتیەوە لە گشت بوارە جیاجیاکاندا گرنگی زۆریان بە دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی داوە هەرلێرەوە دەبێ ئەو راستیە بزانین , کە تویژینەوەی زانستی مەرجە بەپێی بنەماو رێگاو رێبازی لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت, کە لە قۆناغەکانی خوێندنی ئەم ساڵدا هەوڵدەدەین بنەما سەرەکیەکانی ئەم زانستە بخوێنین بەو بەمەبەستەی بتوانین بەپێی توانا قوتابی لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی ڕابهێنین , هەروەك لەدەرسەکانی پێشوودا باسمانکرد ڕێبازی لێکۆلینەوە کار لەسەر لێکۆڵینەوە دەکات کارکردنی لەسەر لێکۆڵینەوەکان دەبی پشت بەسەرچاوەکان ببەستێت**

## مێژووی داهێنان لای مرۆڤ

**له سەرچاوەکاندا ئەم بابەتە باسی لێوەکراوە , وە بۆ دیاریکردنی مێژووی داهێنان لای مرۆڤ دوو قۆناغ دیاریکراوە :**

**- داهێنانەکانی پێش مێژوو : زاراوەیەکە بۆ ئەو رۆژگارانە بەکاردێت , کە کەوتۆتە پێش داهێنانی نووسین , زانیاریانەکان دەربارەی ئەم قۆناغە کەمن تەنها بەهۆی هەندێ پاشماوەوە هەندێك زانیاری سەرەتایمان تەنیا بەهۆی هەندێ پاشماوەوە هەندێك زانیاری سەرەتایمان دەستکەوتووە دەربارەی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ ئەم سەردەمە .**

**-داهێنانەکانی پاش مێژوو : ئەم قۆناغە لەداهێنانی نووسینەوە دەست پێدەکات , واتە داهێنانی نووسین دەبێتە هێلی جیاکەرەوە لەنێوان هەر دووقۆناغ ,لێرە بەدواوە زانیاریەکان بە تۆمارکراوی دەگاتە دەستمان و ئەم قۆناغە بەردەوامە تا رۆژگارەکانی ئەمرۆ**

## کورتەیەکی مێژووی لێکۆڵینەوە:

**لەزۆربەی سەرچاوەکاندا ئەم بابەتە باسی لێوەکراوە وە هەموویان لەوە یەکدەگرنەوە که مێژووی لێکۆڵینەوە بەسەر سێ سەدەدا دابەشدەکەین:**

**یەکەم -مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەدەکانی کۆن: مەبەست لەسەدەکانی کۆن واتە سەردەمی (سۆمەرییەکان , میسریە کۆنەکان, بابلیەکان و رۆمان و یۆنانیەکان)**

**دووەم-مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەدەکانی ناوەراست : قۆناغێکی گرنگە بەتایبەتی لەمێژووی ئەوروپادا وە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەم سەدەیەدا گۆرانکاری گەورەو گرنگ ومێژووی روویداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی ئەوروپا بەتایبەتی وە لە جیهاندا بە گشتی لەم سەدەیەدا کۆمەلێك رۆشنبیری و بیرمەند رابەرایەتی بزوتنەوەیەکیان کرد بەناوی بزوتنەوەی رێنسانس واتە (ژیانەوە , پوژانەوە), کە جێگەیەکی دیاری لە مێژووی ئەوروپا و جیهاندا داگیرکردووە , ولاتی**

ئیتاڵیا شوێنی یەکەمی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیەبوو هۆکارەکەشی زیاتر ئایینی و ئابووری و بازرگانی بوو , پێشەواکانی ئەم بزوتنەوە فکریە رۆشنبیریە هەمەلایەنە دیارترینیان بریتی بوون لە (دانتی ,بلزاك , بۆکاشیۆ) , کەتوانیان بە نووسین و بۆچوونەکانیان بەردی بناغەی ئەم بزوتنەوەیە دابرێژن , ئەم بزتنەوەیە تەنیا لە سنووری وڵاتی ئیتاڵیا نەوەستا بەڵکو لەبەشێکی تری وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبۆوە بەتایبەتی لەفەرەنسا (هەزارو حەوسەت و هەشتاو نۆ1789 ) , کە شۆرشی فەرەنسی لێ دروستبووە , و لە ئینگلتەرا شۆرشی پیشەسازی لێدروست بووە و لە ئەڵمانیا شۆرشی فکری لێدروست بوو , بزوتنەوەی رێنسانس گرنگی زۆری بەخشی بە بەهای مرۆڤایەتی گۆرانکاریەکی گەورەی لە کۆمەڵگەی ئەوروپی دروستکرد , هەر بۆ نموونە یەکێك لە دەستکەوتەکانی شۆرشی پیشەسازی داهێنانی ئامێری چاپ و چاپەمەنی بوو بەشێوەیەکی پێشکەوتوو کە بەهۆیەوە چاپ و چاپەمەنی گەشەی کرد وە بیرۆکەی کتێبخانەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروستبوو .

**بەکورتی دەربارەی رێنسانس دەتوانین بڵێین:**

یەکەم:-رێنسانس بە سەرەتای داهێنانەکان ئەژمار دەکرێ

دووەم :-ئاراستەکە, نوێ بوو بەرەو عەقڵانیەت و شارستانیەتێکی نوێ

سێیەم :- گرنگیدان بوو بەبەهای تاکەکەسی (مرۆڤگەرای, هیومانیزم)

چوارەم:-پەرەسەندنی خوێندەواری قوتابخانەکان

پێنجەم:-چاکسازی لەکەنیسەکاندا

شەشەم:-گەشەی هونەر و شیعرو چیرۆك .

حەوتەم :- سەرەتای گەشەی زانستەکان بوو

## سێیەم -مێژووی لێکۆلینەوە لەسەدەی نوێدا :

مەبەست لەسەدەی نویٚ واتە سەرەتاکانی سەدەی 17 (حەڤدە )هەمەوە تاکو رۆژگارەکانی ئەمرۆ , لەم قۆناغەدا هەموو بیرکردنەوە زانستیەکان بەرەو پێشەوە چوون و جێگربوون , ئەم بەرەو پێش چوونەش لەمێژووی زانستەکاندا لەسەر دەستی چەند کەسانێکدا سەرەتاکانی دەستی پێکرد ووە , کە دیارترینیان (فرنسیسی بیکۆن ) ,(دیکارت , کانت), لەم قۆناغەدا سەرەتا کار لەبواری زانستە سروشتیەکاندا کراوە لە لێکۆلینەوەکانیاندا رێبازی لێکۆلینەوە یان تیا پەیرەو کردووە بەتایبەتی میتۆدی تاقیکردنەوە وە لەدوای سەدەی 17(حەڤدە) هەمەوە هەنگاوەکان بەرەو پێشەوە چوون لەسەدەی18 (هەژدە) مدا زیاتر گەشەی کرد بەتایبەتی سەدەی18 (هەژدە) ناسراوە بەسەردەمی (رۆشنگەری ) , کە لە ناوەرۆکدا بزوتنەوەیەکی فکری , رۆشنبیری , کۆمەلأیەتی , سیاسی ...... پەیامەکەی گەرانەوەبوو بۆ عەقلانیەت , کە سەرچاوەی هەموو پێشکەوتنە زانستیەکانە وە چارەسەرێکە بۆ کێشەو نەهامەتییەکانی پێشکەوتن دروستبوو , کودەتایەك بوو دژی هەموو دەسەلاتە سەپێندراوەکان

# کتێبخانەو رۆڵی لە توێژینەوەی زانستی دا

کەباس لە کتێبخانە دەکرێت , مەبەستمان لەو سەنتەرە رۆشنبیرییە , کەداهێنانەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراوە , واتە شوێنی پاراستنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤە لەکۆنەوە تاکو ئەمرۆ , داهێنان و بیرکردنەوەکان .کە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانە لەبیرکردنەوکانی مرڤەوە سەرچاوە دەگرێت , هەروەکو پێشتریش باسمانکرد بۆئەنجامدانی توێژینەوە لێکۆلەر(توێژەر ) پێویستی بەسەرچاوەی زانستیە, واتە پێویستە لێکۆلەر لەیەکەم هەنگاودا روو لە کتێبخانەبکات بەو مەبەستەی بتوانێت :

یەکەم-لەرێگەی پشکنینی سەرچاوەکانەوە دەکرێت بتوانین بیرۆکەی دارشتنی ناونیشانی توێژینەوەکەی بۆئاسان بکات, لەگەڵ ئەوشدا دەبێت لەچاوی هەندیٚ لایەنی تری هەڵبژاردنی ناونیشان بکەین ,کە لە زانستی رێبازی لێکۆلینەوەدا ئاماژەی پێکراوە ئەمەش لە دەرسەکانی داهاتوودا دیاریان دەکەین .

دووەم- پاش جێگربوونی ناونیشان و بریاری کۆتایی لەسەر ناونیشانەکە هەنگاوی دووەم دەستپێدەکات ئەویش دارشتنی پلانی لێکۆلینەوە کەیە , واتا دیاریکردنی بەشەکان و ووردەکاری هەر بەشێك ئەم هەنگاوەش کارئاسانیمان بۆ دەکات لە دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی کەوا پێویستن کە لێکۆڵەر بیانخوێنێتەوە

هەر بۆ نموونە ئاماژە بەم ناونیشانە دەکەین , بۆ نموونە : رێبازی رۆمانسیزم و رەنگدانەوەی لەشیعری هەردیدا :

بەشی یەکەم : تیۆرییە :

زاراوەی رۆمانسیزم ,مێژووی رۆمانسیزمی ئەورووپی, هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رۆمانسیزمی ئەورووپی ,تایبەتمەندییەکانی رۆمانسیزمی ئەورووپی ,هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رۆمانسیزم لە ئەدەبی کوریدا, تایبەتمەندییەکانی رۆمانسیزمی کوردی .

**بەشی دووەم : کارەکی (پراکتیکی)**

**کورتەیەك دەربارەی ژیانی هەردی , خەم و پەژارەو نائومێدی و رەنگدانەوەی لەشیعری هەردیدا, گرنگیدان بەسۆزو ئەندێشە لای هەردی , گەرانەوە بۆ سروشت لەشیعری هەردی دا, زمانی شیعری هەردی , ئەنجامەکان.**

# جۆری سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبەکان :

**هەر لە کۆنەوە کتێب هۆکارێك بووە بۆ بلاۆکردنەوەی نوسین و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ لەبوارە جیاجیاکاندا , کتێب لە کتێبخانەکاندا بەشێکی سەرەکی سەرچاوەکان پێکدێنێت و سوودێکی گەورە بە لێکۆلەر دەبەخشێ , هەموو کتێبێك دانەرێك یان چەند دانەرێکی هەیە خاوەن ناونیشانێکی دیاریکراوە , کە لەرووی بابەتەوە سەرەتا و کۆتایی هەیە , بۆ ئاماژەپێکردنی سەرچاوە, بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەکەین : ناوی نووسەر, ناونیشان, ژمارەی بەرگ , شوێنی چاپ,چاپخانە,سالی چاپ ,لاپەرە .**

## دووەم: کانگاکان :

**بەشێکی تری سەرچاوەکانە لەکاتی پێویستدا بۆ بەدەستهێنانی هەندێك زانیاری سوودی لێوەردەگیرێت, لەرووی روخسارو قەوارەوە لە کتێب دەچێت , بەلاَم لەناوەرۆکدا لە کتێب جیاوازە , لەبەرئەوەی کتێب لەرووی بابەتەوە بابەتێکی یەکگرتووە سەرەتاو کۆتای هەیە , بەلاَم کانگاکان لە رووی بابەتەوە هەمەجۆرە وە هەندێ جاریش لە بواری یەك بابەتدا کۆدەکرێتەوە وەکو :**

**ا-فەرهەنگەکان .     ب- بیبلۆگرافیا .     ج- ئینسایکلۆپیدیا .**

**ا-فەرهەنگەکان**: فەرهەنگەکان بەشێکی  سەرەکی کانگاکانە لەبواری لێکۆڵینەوە کاندا سوودی خۆی هەیە زیاتر  بۆ روونکردنەوەی مانای  ووشەکانە لە زمانێکدا یان لەنێوان دوو زمان یان زیاتر هەروەها  هەندێ جاریش کار ئاسانی دەکات بۆ دیاریکردنی رەگ و ریشەی وشەکان وە هەندێ جاریش چۆنیەتی خوێندنەوەی ووشەکان دیاری دەکات ,لەبواری گەشەکردنی ی زماندا فەرهەنگەکان گرنگی خۆی هەیە ,بۆنموونە رێ خۆشکەرە بۆ کۆکردنەوەی وشەو زاراوەی زمانەکان ,هەروەها بنەمایەکە بۆ دروستبوونی زمانی فەرمی (ستاندارت)

**ب- بیبلۆگرافیا**: بیبلۆگرافیا کارێکی هونەرییە کارئاسانی  دەکات بۆ لێکۆلەر لە بواری توێژینەوەکاندا بیبلۆگرافیا زیاتر وەسفی دەرەوەی سەرچاوەکانە لەبواری  کتێبەکان , رۆژنامەو گۆڤارەکان , نامە زانستیەکان ......هتد, هەروەها  کارئاسانیمان بۆ دەکات بۆ ئەوەی بەرێگەیەکی ئاسان بگەینە سەرچاوەکان , بە کورتی دەکرێ بڵێین کلیلی چوونە ناوەوەی سەرچاوەکانە.

**ج- ئینسایکلۆپیدیا**: جۆرێکی تری کانگاکانە بوارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریە گشتیەکان , هەموو جۆرە بابەت و زانیارییەك دەگرێتەوە , زۆرجار  بە بانکی زانیاری  ناودەبرێت  دیارترین ئینسایکلۆپیدیای جیهانی (ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی , لەزمانی عەرەبیدا ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی هەیە , لەکوردیدا ئینسایکلۆپیدیای گشتی وەهەروەها (دائرەالمعارف)ی (خسرەو جاف)مان هەیە.

## -سێیەم: نامە زانستیەکان:

ئەو سەرچاوانەن  کەوا  بۆ پلە زانستیەکان  ئەنجام دەدرێن , وەك پلەی  (ماستەرو دکتۆرا) , بەشێکی گرنگی سەرچاوەکانە لە کتێبخانەکاندا , نامە زانستیەکان , وەك سەرچاوە لەڕووی زانستیەوە باوەرپێکراون وە لەلایەن  لیژنەی زانستیەوە تاوتوێ کراوەو هەڵسەنگێنراوە پاشان  بروانامەی لەسەر وەرگیراوە.

## چوارەم:گۆڤارو  رۆژنامەکان (چاپەمەنیە ناو بەناوەکان) (الدوريات)

بەشێکی سەرەکی سەرچاوەکانە , کەناڵیکی گرنگی زانیاریەکانە لەڕووی  بڵاو کردنەوە وە رۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە یان بەشێوەیەکی  وەرزی بڵاودەبێتەوە , لەژێر یەك  ناونیشاندا بڵاودەکرێتەوە , بەلام  بەژمارە جیادەکرێتەوە , زۆرجار دەڵێن  گۆڤارو رۆژنامەکان دەکرێت لە کتێب زیاتر سوود بەلێکۆلەر ببەخشێ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە گۆڤارو رۆژنامەکان ناوبەناو بڵاودەبنەوە لەڕووی جۆرەوە گۆڤارەکان دووجۆرن.

-لەرووی جۆرەوە دووجۆرە:

یەکەم:-یجۆرێکیان تایبەتە بە بوارێکی دیاریکراو.

دووەم:-هەمەجۆرە ,واتا لەرووی بابەتەوە بابەتی هەمە جۆر بڵاودەکاتەوە

-لەرووی زانستیەوە دەکرێت دووجۆر گۆڤار جیابکەینەوە :

یەکەم:-گۆڤارە ئاساییەکان : بەبێ کۆنترۆڵ و بەبێ هەڵسەنگاندنە.

دووەم:- گۆڤارە زانستیەکان: بە کۆنترۆڵ و بەهەڵسەنگاندنە .

## -پێنجەم:دەستنووسەکان (المخطوطات)

دەستنووس لەرووی مانای فەرهەنگیەوە , واتا ئەو بەرهەمەی کە بەدەست نووسراوە , ئەم زاراوەیە لەدوای داهێنانی ئامێری چاپەوە بەکارهاتووە , هەر لەدوای داهێنانی  ئامێری چاپ نووسراوەکان بوون بەدوو بەشەوە:

ا-دەستنووسەکان .

ب- چاپکراوەکان .

لێرەدا دەکرێ بلێین دەستنووسەکان دانراوی زاناو نوسەرە دێرینەکانمانن ,لەرووی گرنگییەوە دەستنووسەکان گرنگی خۆی هەیە :

یەکەم:-بەشێکە لەسامان و کەلتوورو شارستانیەتی نەتەوەکان .

دووەم:-لەرووی ساغکردنەوەو توێژینەوە وەگرنگی خۆی هەیە بەتایبەتی لەبواری زمان و رێنووس , کاغەز,تانەت ئەو جۆرو مورەکەبەی بەکارهێنراوە

## سەرەتایەك بەرەو رێبازی لێكۆلینەوە:

مرۆڤ بەدرێژای مێژوو لە هەولّی بەردەوام بووە بۆ لێكدانەوەی دیاردە سروشتییەكان تاكو لێیان تێبگات وەبتوانێ بەشێوەیەكی دروست و زانستیانە كۆنترۆلیان بكات , و هەمیشە بەدوای زانست و زانیاریدا گەراوە بۆ بەدەستهێنانی وەلاّمی ئەوپرسیارانەی لای دروستبووە, ئەمەش بەو مەبەستەی كەبتوانی ژیانێكی ئاسوودەو پێشكەوتوو بۆ خۆی دابین بكات, بۆیە لێرەوەدەكرێ بلّێین: توێژینەوەی زانستی لەسەرجەم بوارەكانی زانستدا بۆتە ئەو هێلەی كە دەكرێ ئێستای لە سەردەمەكانی تری پێ جیا بكەینەوە هەموو كۆمەلگایەك بۆ بەرەو پێشچوونی سەرجەم بوارەكانی ژیانی پشت بە توێژینەوەی زانستی دەبەستێت ,لەسەردەمی ئێستامان سەردەمی شۆرشی زانستی و تەكنە لۆژیایە شۆرشی تەكنەلۆژیاش هەمیشە بە بەردەوامی پشتی بە توێژینەوە زانستیەكان بەستووە ,بۆیە ولاّتە پێشكەوتووەكان ئەو ولاّتانەن گرنگی زۆریان بە دامەزراوەكانی توێژینەوەی زانستی داوە

بۆیە دەكرێبلێین : زانستی رێبازی لێكۆلّینەوە یەكێكە لەو وانە گرنگانەی لە زانكۆ پەیمانگاكاندا دەخوێندرێ تەنانەت ئەم زانستە لە قۆناغەكانی خوێندنی بالاّشدا دووبارە دەبێتەوە ,ئەمەش بەو مەبەستەی قوتابیان بتوانن لەرێگەی ئەم زانستەوە لێكۆلینەوەكانیان لەچوارچێوەیەكی زانستیدا ئەنجام بدەن ,و فێری یاساو بنەما زانستیەكانی ئەم زانستە ببن.

-لەرووی زاراوەو لە زمانی كوردیدا (رێبازی لێكۆلینەوە یان هەندێجار میتۆدۆلۆجی) بەكاردێت -

واتە زانستی میتۆد یان زانستی رێباز لەزمانی عرەبیدا (زاراوەی منهج البحث یان طرق البحث)بەكاردەهێندرێ, لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (میثۆد) بەكاردێت .

پێش ئەوەی بێنە سەر وردەكاری زانستی رێبازی لێكۆلینەوە وەشیكردنەوەی ناوەرۆكی ئەم زانستە پێست بەوەدەكات لەگەلّ هەندێ زاراوە ئاشنایەتی پەیدابكەین:

-**میتۆد**:رەچەلكی ئەم زاراوەیە لەزمانی یۆنانیەوە وەرگیراوە لەزمانی ئینگلیزی( میزۆد ), بەكارهاتووە لەعرەبی (منهج), لەكوردی( میتۆد یان رێباز) بەكاردێت ,لەبواری توێژینەوە زانستیەكاندا هیچ لێكۆلّنەوەیەك بەبێ میتۆد ئەنجام نادرێت,چونكە بەبێ میتۆد لێكۆلینەوە ناچێتە خانەی باسێكی زانسیەوە هەروەها دەكرێت لە بەكارهێنانی میتۆد لەم لایەنانەوە سوودی وەربگرین :

1-لێکۆلەر دووردەخاتەوە لەپەرش و بلاّوی نووسین و بۆچوونەکان.

2-کۆنترۆلکردنی هەنگاوە زانسیەکان بەشێوەیەکی بابەتی .

3-دیاریکردنی سنووری کارکردن لە لێکۆلینەوەکەدا.

## -لەرووی پێناسەوە :

لەسەرچاوەکاندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ میتۆد کراوە بۆنموونە دەکرێ بلێن: میتۆد : ئەو رێگەیەیە کە دەمانگەینێتە ئەنجام و مەبەستێکی دیاریکراو

یاخود دەکرێ بلێین: میتۆد ئەو رێگایەیە کەلێکۆلەر لەئەنجامی کارکردن و ماندووبوون پێی دەگاتە راستیەکان ,ئەمەش بەپێی کۆمەلێك بنەماو پرنسیبی گشتی کە دەمانگەینێتە ئەنجامەکان.

## -لێکۆلینەوە :

بەرهەمی بیرکردنەوەکانی مرۆڤە لەبوارە جیاجیاکاندا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەراستیە زانستیەکان لەگەلّ یەکلاکردنەوەو سەلماندنیان بەشێوەیەکی زانستی کە دووربێت لە هەموو گومانێك.

## -لێکۆلینەوەی زانستی :

پێویستیەکی زانستی دونیای پێشکەوتنە هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی زانستەکان, واتە لێکۆلینەوەی زانستی گەران و پشکنینێکی ووردە بۆدۆزینەوەی راستیەکان و هەلّسەنگادنیان لە تێروانینێکی رەخنەگرانەی وردەوە

.

## -پەرەسەندنی زانستی ڕێباز یاخود میتۆد

ئەگەر لەرووی میژووویەوە باسی ڕێباز بکەین دەکرێ بلێین ئەم زانستە زانستێکی نوێیە,بەلاّم وەکو میتۆد ڕێباز مێژوویەکی دێرینی هەیە , لەرووی مێژوویەوە ئەم زانستە لەسەرەتاکانی سەدەی (17)هەمەوە هاتە بواری لێکۆلینەوەکانەوە هەولّەکان دەستی پێکرد بەوەی کەبەپێی ڕێبازی زانستی لێکۆلینەوەکان ئەنجام بدرێن ,سەرەتای ئەم هەولأنە لەلایەن زانایی ئینگلیزی (فرانسیسی بیکۆن) سالّی 1640کتێبێکی بلاّوکردەوە بەناوی (ئۆرگانونی نوێ) لەم کتێبەدا توانی دەستنیشانی ڕێبازی ئەزمونگەری بکات , لەزانستەسروشتیەکاندا ,پاشان لەسالّی 1637(دیکارت) کتێبێکی بلاّوکردەوە بەناوی (مقال فی المنهج) لەم کتێبەدا باس لە زانستە سروشتیەکان دەکات ,کە پێویستە بەپێی ڕێبازی زانستیانە لێکۆلینەوەکان ئەنجام بدرێن وە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەر بێت و پەیرەوی ڕێبازی زانستی نەکەین لە لەلێکۆلینەوەکاندا چاکترە دوورکەوینەوە لە ئەنجامدانی لێکۆلینەوە

هەنگاوەکان و هەولّەکان لەبواری زانستە سروشتیەکان بەردەوام بوو ,دواتر هەولّەکان دەستی پێ کرد کەرێبازی زانستی بچێتە بواری زانستەکانی ترەوە لەدوای ئەم هەنگاوە هەولّەکان دەستیپێکرد کەزانستی ڕێبازی لێکۆلنەوە بێتە بواری مێژووەوە ,چونکە پێشتر مێژوو وەك بابەتێکی چیرۆك ئامێز سەیردەکرا ,بەلاّم دواتر هەولّدرا کەمێژوو لە گۆرەپانی شەرەکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ مینبەری لێکۆلینەوەو خوێندن, ئەوەبوو لەسەرەتای سەدەی 19 ڕێبازی لێکۆلینەوە هاتە بواری زانستی مێژووەو سەرەتای ئەم هەولأنەش سالّی 1889 دەستیپێکرد بۆ ئەم مەبەستە کتێبێك بلاّوکرایەوە بەناوی (مدخل الی الدراسات التاریخیه) لەم کتێبەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە ,کە مێژوو لقێکی سەرەکیە لە لقەکانی مەعریفەوە بنەماو ڕێبازی زانستی خۆی هەیە ,واتە لە لێکۆلینەوە مێژوویەکاندا پێویستە پلان هەبێت لێکدانەوەو شیکردنەوە هەبێت وە ئەنجامەکانیش هەبن , پاش مێژوو هەولّەکان بەردەوام بوو بەوەی ,کە ئەدەب و مێژووی ئەدەبیش , وەك زانستێك سەیربکرێت ئەوەبوو لەسالّی 1901 کتێبێك بلاّوکرایەوە بەناوی (منهج البحث فی الادب) لەلایەن (لانسون) ,کە

**نووسەرێکی فەرەنسی بوو مامۆستابوو لە زانکۆی (سۆربۆن)لەسەرەتای وتارەکەیدا دەلێت:( دەبێت لێکۆلینەوەکان لەبواری ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا زانستیانە بێت دوورکەوێتەوە لە ئارەزووی تاکەکەسی بەتایبەتی لەبریاردان و هەڵسەنگاندنندا ,هەروەها دەبێت پشت بەبەڵگەی زانستی ببەستێت)**

**لەلای عەرەبەکان ئەم زانستە لەرێگەی وەرگێرانەوە سوودیان لێبینی بۆ نموونە ,کتێبی(مدخل الى الدراسات التاريخيە ) لەلایەن (عبدالرحمن بدوی )کرا بەعرەبی هەروەها کتێبی (منهج البحث فی الادب) لەلایەن (محمد مندور)کرا ە عرەبی.**

# سوودەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوە

ڕێبازی لێکۆلینەوە لەزۆر لایەنەوە سوود بە لێکۆلەر دەبەخشێ لەبواری توێژینەوەکاندا هەر لەهەنگاوی یەکەمەو ,کەهەڵبژاردنی بابەتە تا دوا هەنگاو کە گەیشتنە بەئەنجامەکان جالێرەوە هەوڵدەدەین چەند خاڵێکی گرنگ دیاری بکەین ,کەسوود بەخشە بەلێکۆلەر و لێکۆلینەوە:

1-لەگرنگترین بەکارهێنانی ڕێبازی لێکۆڵینەوە ئەوەیە ,کە لێکۆلەر فێردەکات سەرەتا چۆن دەست پێبکات دواتر چۆن بەرەو ناوەرۆك بچێت دواتر چۆن هەنگاوبنێ بەرەو ئەنجامەکان .

2-ئەرك و ماندووبوونی لێکۆلەر کەم دەکاتەوە بەتایبەتی لەرووی کاتەوە , واتا خۆی لێکۆلەر خەریك ناکات بەبابەتێکەو ,کە سوودی بۆ لێکۆلەر نەبێ .

3-لێکۆلەر دەپارێزی لە هەڵەکردن بەتایبەتی ئەو هەلانەی کەپێشتر کراون.

4-لێکۆلەر رادێنێ لەسەر وردبینی , وریایی , تێبینی بەتایبەتی لە هەڵسەنگاندن و بریاردانددا.

5-دیاریکردنی سنووریکارکردن لە لێکۆلینەوەکاندا.

6-ئاراستەکردنی لێکۆلەر بۆدەستنیشانکردنی سەرچاوەکان.

7-گەشە بەتوانای قوتابی دەدات بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوە و رەخنەگرتن.

# -جۆرەكانی میتۆد

ئامانج لەدیاریکردنی جۆری میتۆدەکان بۆئەوەیە,کە بزانین چ جۆرە میتۆدێك پێویستە بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوە کە, دیارە ئەمەش بەپێی بابەت و سروشتی لێکۆلینەوە ,هەروەها دیاریکردن و هەلبژاردنی میتۆد پەیوەندی بابەتی لێکۆلینەوە هەیە ,چونکە هەر لێکۆلینەوەیەك بەپێی میتۆدێك یان چەند میتۆدێك دیاریکراوە, لەسەرچاوەکاندا چەند جۆرێك لە میتۆدەکان دیاریکراون ,هەر بۆ نموونە لەکتێبی (رێبازی لێکۆلینەوە و ئامادەکردنی لێکۆلینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی ), کەلەلایەن (طلال مجزوب)ە, لەم سەرچاوەیەدا میتۆدەکان بۆ دووبەش پۆلین کراون :

1-پۆلینی وتینی

2- پۆلینی مارکیز

بەلاّم ئێمە لە هەردوو پۆلین کردنەکە چەند جۆرێکیان لێ دیاری دەکەین و بەکورتی باسیان دەکەین

1-میتۆدی مێژووی:

ئەم میتۆدە میتۆدێکی بەربلاّوە لە زۆربەی زانستەکاندا پەیرەو دەکرێ لەسەرچاوەکاندا بەچەند زاراوەیەك ناودەبرێت, بۆ نموونە (رێبازی دیکۆمێنتاری) پێ دەگوترێت ,لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا بە (المنهج التاریخی , المنهج الاستردادی, المنهج الوثا ئقی ) ئەم میتۆدە کۆنترین میتۆدە وە بەپێی ئەم میتۆدە دەکرێ بلّێین مێژووی کۆمەلّە رووداوێکە جارێك روویداوەو دووبارە نابێتەوە ,چونکە مێژوو پەیوەندی بەکاتەوە هەیە لەتایبەتمەندیەکانی کاتیش ئەوەیە کە هەرگیز نا گەرێتەوە ,ئەم میتۆدە پشت بەستە بە دیکۆمێنتەکان , واتا بە لگەنامەکان بۆیە دەکرێ بلّێن ئەگەر بەلگەنامەکان لەبەردەستدا نەبێت مێژووش بوونی نییە, وە هەر دیاردەیەك لە رابردوو ڕووی دابێت و لێی بکۆلینەوە پێویستە پەیرەوی مێژوویی تیا بکرێت ,کەواتە دەکرێ بلّێین میتۆدی مێژووی بریتییە لە

پراکتیزەکردنی ڕێبازێکی زانستی بۆ وەسف و شیکاری و شلۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو ڕووداوانە بەمەبەستی گەیشتن بە بەدەرئەنجامێکی لۆجیکی .

2-میۆدی ئەزمونگەری (المنهج التجريبي):

ئەم میتۆدە بەشێوەیەکی فراوان لە زانستە سروشتیەکانەوە بەکاردێت دەکرێت بڵێین وردترین میتۆدی زانستیە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفت بەپێی تێبینی کردن و تێروانین .

3- میتۆدی وەسفی:

بەپێی میتۆدی وەسفی , واتە شیکردنەوەی دیاردەیەك یاخود بابەتێکی دیاریکراو وەك ئەوەی هەیە لە واقیعدا ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامێکی زانستی .

4- میتۆدی بەراوردکاری :

ئەم میتۆدە بەراوردە لەنێوان دوو دیاردە یان زیاتر, ئەگەر دیاردەکان وەك یەکبوون بەبێ جیاوازی ئەوا بەراوردی تیا ناکرێت ئەگەر زۆر لە یەکیش جیاوازبوون دووبارە بەراودی تیا ئەنجام نادرێ, کەواتە دەبێت بەراوردکاری لەنێوان دوو دیاردە لە جەمسەرێك هاوبەشبن و لە جەمسەرێکی تر جیاوازبن.

5- میتۆدی دەروونناسی:

دەروونناسی ,وەك زانستێك بایەخ بەلایەنی هەست و سۆزو دەدات, ئەم لایەنانەش لە مرۆڤدا شاراوەن , وە لەناخی مرۆڤدایە ئەدەبیش بەهەمان شێوە , بریتییە لەهەست و سۆزی ناخی مرۆڤ کەواتە لێرەوە دەبینین جۆرە هاوبەشیەك دروست دەبێ لەنێوان دەروونناسی و ئەدەبدا بۆیە دەکرێ بڵێین میتۆدی ڕەخنەی دەروونی , واتە راڤەکردنی دەقە شیعریەکانی بەپێی راڤە کردنی زانستی دەروونی ,

**واتا هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی ناخ و دەروونی شاعیر لەرێگەی بەرهەمەکانیەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانە بەپێی میتۆدی دەروونناسی .**

6-میتۆدی بنیادگەری:

**میتۆدێکی هاوچەرخە بۆ لێکدانەوە دەقەشیعریەکان بەکاردێت بەپێی ئەم میتۆدە دەبێت لێکۆلینەوەو شیکردنەوەی دەقە شیعریەکان پێویستە هەر لەناو دەقدا ئەنجام بدرێت , واتە دوور لەو ژینگەیەیی دەقەکەی تیادا بەرهەم هێنراوە, واتا دوور لەهەموو لایەنێکی کۆمەلأیەتی و دەروونی و مێژووی, ....... واتە بەپێی میتۆدی بنیادگەری لایەنی زمان بابەتێکی سەرەکییە,کە بریتیە لەکارکردن لەسەر وشەو رستە لە دەقی شیعریدا تەنانەت (رۆلان بارت) ,کە یەکێکە لە پێشرەوانی ئەم میتۆدە دەڵێ: ( لەمیتۆدی بنیادگەری تەنیا زمان قسەدەکات نەك دانەر) واتە بەپێی ئەم وتەیە مردنی دانەر دەگەینێ وە گرنگی بە نووسەر نادات , کاریگەریەکانی ژینگە پشتگوێ دەخات.**

## بنەماسەرەکییەکانی لێکۆلینەوەیەکی سەرکەوتوو

لەهەموو لێکۆلینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمیدا پێویستە کۆمەڵە مەرجێك لە خۆ بگرێ , وەك لەم خالأنەی خوارەوەدا دیاری دەکەین:

1-ناونیشانی لێکۆلینەوە دەبێ دەقاو دەق گوزارشت لە ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکە بکات.

2-ناونیشان دەبێ سەردەمیانەبێ , واتە بابەتێکی زانستیانەی سەردەم بێت و سوودی بۆ ئێستاو داهاتوو هەبێ.

3- پێویستە لەسەر لیکۆلەر ئە گرنگییەی لەسەرەتاوە دەیدات بە لێکۆلینەوەکە تاکۆتایی بەردەوام بێت.

4-دەبێ لێکۆلەر خۆی رۆڵی سەرەکی هەبێ لە ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکە, بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای یارمەتی و راوێژکردن و راوەرگرتن کراوەیە.

5- لەکاتی نوسیندا هەوڵبدرێت لەسنووری باسەکەو ناونیشان دەرنەچێ.

6-دوورکەوتنەو لە دووبارەکردنەوەی هەندێ وشەو زاراوە لەرستەکاندا.

7-لەکاتی نوسیندا بەتایبەتی لە وەرگرتنی زانیاری لەسەرچاوەکان دەبێ لێکۆلەر گفتوگۆو لێکدانەوەو راڤەکردن و رەخنەگرتنی هەبێ سەبارەت بەبابەت و بۆ چوونەکان.

8-نابێ لێکۆلەر خۆی سەرقاڵ بکات بەهەندێ بابەت ,کە پێویستە نییە,چونکە دەبێتە لایەنی لاوازی بۆ لێکۆلینەوە .

9- خۆ بە دوورگرتن لەستایش و پیاهەڵدان و مەدح کردن وە بەکارهێنانی هەندێ زاراوە,واتە پابەندبوون بە زمانێکی زانستی.

10-زمانی نووسین دەبێ زمانێکی زانستیانە بێت دووربێت لە زمانی پەخشان و پیاهەڵدان وە دووربێت لە هەلەی ڕێزمانی بەتایبەتی لە دارشتنی ڕستەکاندا.

11-نوسینی پیشەکی دەبێ کورت و چڕوپڕبێ وە بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بێت.

12- ئەنجامەکان دەبێ زانسیانە بێت وە دووربێ لە بۆچوونی ئاسایی و سادەوە دەبێت بە شێوەیەکی خاڵ تۆمار بکرێت.

13-پابەندبوون بە نیشانەکانی خاڵبەندی.

14-بوونی هاوسەنگی لە نێو بەشەکاندا.

15- بابەتی وەرگیراو لەسەرچاوەکاندا دەبێ بە ئەمانەتەوە لە پەراوێزدا ئاماژەی پێبکرێت.

## - جۆرەکانی لێکۆڵینەوە:

بەپێی سەرچاوەکان چەند جۆرێك پۆلینکردن بۆ دیاریکردنی جۆری لێکۆلینەوەکان خراوەتە ڕوو

هەربۆ نموونە بەشێوەیەکی گشتی لێکۆلینەوەکان دەکرێ بەدووبەشەوە :

1-لێکۆڵینەوەکانی بابەتە مرۆڤایەتییەکان.

2-لێکۆڵینەوەکانی بابەتە زانستیەکان.

-پۆلینکردنێکی تر بۆ لێکۆڵینەوەکان بە پێی قەوارەی لێکۆلینەوەکەیەوە دووجۆری لێ دیاری دەکرێ:

1-لێکۆڵینەوەی کورت .

2-لێکۆڵینەوەی فراوان .

-پۆلینکردنێکی تر بەپێی پلەی زانستی لێکۆلێنەوەکان دیاری دەکرێ:

1-لێکۆلینەوەی پۆلی.

2-لێکۆلینەوەی باسی دەرچوون.

3-لێکۆلینەوەکانی خوێندنی بالاّ(ماستەر- دکتۆرا).

لەروانگەی ئەو پۆلینکردنانەی سەرەوە دەکرێ چەند جۆرێك لێکۆلینەوە دیاری بکەین :

## 1-لێکۆلینەوەی نێو گۆڤارو رۆزنامەکان :

ئەم جۆرە لێکۆلینەوەیە دەچێتە خانەی لێکۆلینەوەی کورت ,زیاتر ئەو لێکۆلینەوانەن ,کە رۆژانە یان هەفتانە مانگانە یان بەشێوەیەکی وەرزی بلاّو دەکرێنەوە ,بەلاّم مەرج نیە هەموو ئەم لێکۆلینەوانە بچنە خانەی لێکۆلینەوەی زانستی ,چونکە وەك پێشتر وتمان لێکۆلینەوەی زانستی مەرجی تایبەتی خۆی هەیە وە دەبێ بەکۆنترۆلێکی زانستیدا تێ پەرێ,بۆیە لێرەوە دەکرێ دووجۆر گۆڤار جیابکەینەوە :

1-گۆڤاری ئاساییەکان.

2-گۆڤارە زانستیەکان.

## 2-لێکۆلینەوەی پۆلی :

ئەم جۆرە لێکۆلینەوەیە لەماوەی سالاّنی خوێندنی زانکۆدا لە کۆلێژە زانستی و ئەدەبییەکاندا ئەنجام دەدرێن, مەبەست لێی راهێنانی قوتابی زانکۆیە لەسەر ئامادەکردنی لێکۆلینەوەیەکی زانستیانە وە گەشەپێدانی توانایی قوتابی لەو بوارانەدا,چاکترە ئەو بابەتانەی کەلە قوتابی داوا دەکرێ بۆ لێکۆلینەوە زیاتر پەیوەندبن بەو بابەتانەی کە لەماوەی ئەوسالّەدا دەخوێندرێ ئەمەش بۆ ئاشنابوونی قوتابیە بەسەرچاوەکان لەبەر گرنگی ئەم بابەتە پێویستە مامۆستای بابەت دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆلینەوەکەدا رەچاوی ئەم خالاّنەی خوارەوە بکات :

1-باسی قوتابی پشتگوێ نەخرێ و گرنگی پێ بدرێ.

2-قوتابی واتێ بگەیندرێ ,کە ئەمە سەرەتاییەو ئەزموونی یەکەمی نووسینە.

3-لێکۆلینەوە باش و سەرکەوتووەکان پێویستە لەلایەن قوتابییەوە لە پۆلدا پێشکەش بکرێ و قوتابیەکان بەشداری گفتوگۆبکەن.

4-هاندانی قوتابیان لەرێگەی بەخشینی پاداشت بۆ ئەو قوتابیانەی کەباسەکانیان باش و سەرکەوتووە.

## 3- لێکۆلینەوەی باسی دەرچوون:

ئەم لێکۆلینەوانە بەپێی پلان و ئامانجێکی دیاریکراو لەکۆتایی ساڵی خوێندنی زانکۆدا لەلایەن قوتابییەوە دەنوسرێت ,بەشێکە لەمەرجەکانی وەرگرتنی بروانامەی بەکالۆریۆس دەبێت ئەم لێکۆلینەوانە لە لێکۆلینەوەکانی پێش خۆی فراوانتربێت نزیکە (20تا30) لاپەرەبێت , وەپێویستە لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتیار گرنگی پێبدرێت و فەرامۆش نەکرێ وەپاش تەواوکردنی ئەم جۆرە لێکۆلینەوانە لەلایەن لیژنەیەکەوە لەسەرۆکایەتی بەش پێکدەهێنرێ گفتوگۆی لەسەر دەکری و هەڵدەسنگێندرێ ,ئامانجی سەرەکی لەئەنجامدانی ئەم جۆرە لێکۆلینەوە زیاتر پەیرەو کردنی بنەماو یاساکانی رێبازی لێکۆلینەوەیە ,کەلەساڵی پێشووتردا خوێندراوە.

## 4- لێکۆلینەوەکانی خوێندنی باڵا:

ئەم جۆرە لێکۆلینەوانە دەچنە خانەی لێکۆلینەوەی فراوانەوە لەپاش تەواوکردنی قۆناغی بەکالۆریۆس قۆناغی خوێندنی باڵا دەست پێدەکات لەدوو قۆناغی زانستی خۆی دەبینێتەوە (ماستە و دکتۆرا)

### - لێکۆلینەوەکانی قۆناغی ماستەر:

لێکۆلینەوەی ماستەر  لێکۆلینەوەیەکی پسپۆرییە لە بوارێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت لەم قۆناغەدا قوتابی دووساڵی بۆ تەرخاندەکرێ بۆ خوێندنی ,ساڵی یەکەم دووکۆرسی خوێندن

وەردەگرێ ساڵی دووەمیش دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی فراوان ئەنجام بدات ,ئەم لێکۆڵینەوە دەبێت بەسەرپەرشتی مامۆستایەکی پسپۆربێت لەبوارێکی دیاریکراودابێت وە لەماوەی ئەو ساڵەدا دەبێت تەواو بکرێ پاشان لەلایەن لیژنەیەکی زانستیەوە تاوتوێ دەکرێ و هەڵدەسنگێندرێ قوتابی بروانامەی پێ دەبەخشرێ.

**- لێکۆڵینەوەی قۆناغی دکتۆرا:**

بەرزترین لێکۆڵینەوەی پسپۆریە لە ڕووی زانستیەوە بۆخوێندنی دکتۆرا پاش بەدەستهێنانی پلەی ماستەر قوتابی سێ ساڵی بۆ تەرخان دەکرێت ساڵی یەکەم کۆرسێکی خوێندن وەردەگرێ ساڵی دووەم وسێیەم تەرخان دەکرێت بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی فراوان ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر پەرشتی مامۆستایەکی پسپۆر ئەنجام دەدرێت پاش تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە لەلاین لیژنەیەکی زانستیەوە تاوتوێ دەکرێ و گفتوگۆی لەسەردەکرێ وە برانامەی پێ دەبەخشرێ.

**لێکۆڵەر:**

ئەو کەسەیە ,کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە لە بواری یەکێك لە زانستەکاندا بەهەموو پێوەرێك لێکۆڵەر دەبێ کەسێکی زیرەك و خاوەن بەهرەو بەتوانا بێت وە توانای داهێنانیشی هەبێت ,بەپێی ئەم بۆ چوونەمان لێکۆڵەر دەبێ جیابێت لە مرۆڤێکی ئاسایی و دەبێت خاوەن بەهرەبێت ,لێرەوە دەکرێ بپرسین مەرج و خەسلەتەکانی لێکۆڵەر چین ؟لە وەلامدا دەڵێن کۆمەڵێك مەرج و تایبەتمەندی لە کەسایەتی لێکۆڵەردا دەبێت هەبێ ,کە لەم خالأنەی خوارەوە دا ئاماژەی پێدەدەین:

1-حەزو ئارەزوو/ واتە لێکۆلەر دەبێت ئەو بابەتەی کەکاری تیا دەکات لەگەڵ حەزو ئارەزووەکان و تواناکانیان بگونجێ.

2-ئارامی و لەسەرخۆی/مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی لێکۆلەرە بەتایبەتی لەکاتی نووسیندا ,چونکە دونیای نوسین دونیایەکی پرگرفت و ئاڵۆزە.

3- دەسپاکی لەوەرگرتنی زانیارییەکاندا / مەرجێکی تری سەرکەوتنی لێکۆلەرە.

4-بروابوون بەخۆ/ خاڵێکی تری سەرکەوتنی لێکۆلەرە بەتایبەتی لە بریاردان و هەڵسەنگاندن .

5-توانای خوێندنەوە بەدواداچوون و ئارەزووی گەران و پشکینینی هەبێت.

6-دەبێت لێکۆلەر راستگۆ بێت لە رەخنەگرتن وە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان وە زانستیانە بیان نرخێنێ.

7-زانینی ئەو زمانەی کە توێژینەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت بەتایبەتی لەرووی دارشتنی رێزمانییەوە .

8- پێویستە لێکۆلەر لەخوێندنەوەدا گشتگیر بێت و هەموو ئەو بابەتانە بخوێنێتەوە کە راستەوخۆ یان ناراستەو خۆ پەیوەندن بەبابەتی لێکۆلینەوەکەوە.

## -هەڵبژاردنی بابەت:

یەکەم هەنگاو لە بواری نوسیندا ,کە قوتابی رووبەرووی دەبێتەوە هەڵبژاردنی بابەتە وە لەبەرئەوەی کە هەنگاوی یەکەمە پێویست بەوە دەکات گرنگی پێ بدرێ چارەنووسی لێکۆلینەوەکەیە سەرکەوتنی یان لە سەرنەکەوتنی بۆیە پێویسە لێرەدا ئاماژە بەچەند مەرج و پێوەرێك بکەین بۆ هەڵبژاردنی بابەت :

1-پێویستە قوتابی لەهەڵبژاردنی بابەتدا رەچاوی توانای زانستی خۆی بکات ,هەروەها لەگەڵ حەزو ئارەزووە کانیدا بگونجێ.

2-گرنگی بابەتەکەو گونجانی بۆ لێکۆلینەوە واتە دەبێت بابەتەکە بابەتێکی سەردەمیانە بێت و سوودی بۆ ئێستاو داهاتوو هەبێت

3-دڵنیابێت لەوەی کەبابەتەکەی نوێیە وە پێشتر کاری لەسەرنەکراوە بە هەمان ناونیشان .

4-دەبێت ناونیشانی بابەت کورت و روون و ئاشکرابێت .

5-بوونی سەرچاوەی پێویست .

6-بابەتێ یان ناونیشانێك دیاری بکەی کەلەکاتی دیاریکراودا تەواوی بکەین .

## ئامادەکردنی  پلانی لێکۆڵینەوە

دوای بڕیاردان لەسەر ناونیشانی لکۆڵینەوە هەنگاوی دووەم دەست پێدەکات , کە ئەویش دارشتنی پلانێکی تۆکمەیە بۆ لکۆڵینەوە کە بەهاوکاری مامۆستای سەرپەرشتیار ئەم قۆناغە قۆناغێکی هەستیارە بۆ لێکۆڵەر /چونکە لەدارشتنی پلانەکەدا سنووری کارکردنی لکۆڵینەوەکە  بەدەردەکەوێت و هێلە گشتیەکانیش دیاری دەکرێن ,بۆیە لێرەوە دەکرێ بلێین پلانی سەرکەوتوو واتە لکۆڵینەوەیەکی سەرکەوتووە وە بایەخی پلان لەخودی لێکۆڵینەوەکە کەمتر نییە ,چونکە یەکێك لەسوودەکانی پلان رێخۆشکردنە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان وە نا هێلێت کات و کۆششی لێکۆڵەر بەفیڕۆ بروات ,هەر بۆیە دەبێت پلان بەتۆکمەی دابرێژرێ و وە بەووردی وێنەی بکێشرێ.

بەشێوەیەکی گشتیش پلانی لێکۆڵینەوە لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

1-ناونیشانی لێکۆڵینەوە

2-پێشەکی

**3-بەشەکان**

**4-ئەنجامەکان**

**5-لیستی سەرچاوەکان (بیبلۆگرافیای لێکۆڵینەوە )**

## قۆناغی خوێندنەوە:

**پاش دیاریکردنی ناونیشان و پلانی لێکۆڵینەوە هەنگاوی سێیەم دەست پێدەکات ئەویش خوێندنەوەو پشکینین و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانە, کەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندن بە لێکۆڵینەوەکەوە لەم فۆناغەدا پێویستە لێکۆڵەر ماوەیەکی دیاریکراو دیاری بکات بە پێی توانستی زانستی خۆی و بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە بەمەبەستی خوێندنەوەو کۆکردنەوەی زانیاریەکان ,هەر لەم قۆناغەدا پێویستە قوتابی ئەو زانیاریانەی کەبەلایەوە گرنگەو وە دەکرێ ببێتە بەشێك لە لێکۆڵینەوەکە ,وەك ئاماژەپێکردن پێویستە لەلای خۆیەوە لەسەر کارتێکی تایبەتی تۆماری بکات وە هەرکارتێکیش کەزانیاری لەسەر تۆمار دەکرێ دەبێت ئاماژە بەم لایەنانە بکرێت :ناوی نووسەر, ناونیشانی سەرچاوە, شوێنی چاپ ,چاپخانە ,ساڵی چاپ, لاپەرە, ئەو شوێنەی کەسەرچاوەکەی لێ دەستکەوتووە**

## کارتی تۆمارکردنی زانیاریەکان

**بریتیە لە پارچەیەك کارتۆن ,چاکترە کارتەکە هێلداربێ ,زۆرجار وا پێویست دەکات کارتەکان یەك رەنگ بن هەندێجاریش بەپێی بەشی لێکۆڵینەوەکە دەکرێ هەر بەشەو رەنگێك بێ لەسەرەوەی کارتەکە پێویستە ئەو زانیارییانە تۆماربکرێ (ناوی نووسەر, ناونیشانی سەرچاوە, شوێنی چاپ ,چاپخانە ,ساڵی چاپ, لاپەرە, ئەو شوێنەی کەسەرچاوەکەی لێ دەستکەوتووە) ,هەروها مەرجە کە**

هەرکارتێك یەك زانیاری لەسەر تۆماربکرێ پاش کۆتای هاتنی کۆکردنەوەی زانیارییەکان کارتەکان بەپێی بابەتی زانیاریەکان وە بەپێی بەشەکان وەبەپێی ئەو پلانەی دامان رشتووە بەش بەش پۆلێن دەکرێن دواتر هەر بەشەو بەپێی بەشەکانی کارتەکە پۆلێن دەکرێ ,ئەوەی گرنیگیشە چاکترە تۆمارکردنەکە بە قەڵەمی جاف بێ

## قۆناغی نووسینی لێکۆڵینەوە:

گرنگترین هەنگاو ی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیە دوای هەنگاوی کۆکردنەوەی مادە زانستیەکە لێکۆڵەر دەستدەکات بە نووسینی لێکۆڵینەوەکە لەم قۆناغە هەستیارەدا دەبێ لێکۆڵەر لە میانەی خستنەرووری تواناکانی لەدەربرینی شێوازدا پێویستە کەسیەتی خۆی بسەلمێنێ, چونکە دارشتن و شێوازی نووسین زۆرجار بەرهەمی لێکۆڵەر بەرەو لوتکە دەبات وەهەندێجاریش بەرەو لاوازی دەیبا هەروەها شێوازی نووسین و دارشتنی خوێنەر بەرەو راکێشان دەبات وەچێژبەخش دەبێ بەخوێنەر وە زۆرجاریش بەپێچەوانەوە بێگومان قۆناغی نووسین هەروەکو گوتمان کارێکی ئاسان نییە, وەدەبێ لێکۆڵەر زۆر بەووردی کاری لەسەر بکات,چونکە زۆرجار لایەنی دارشتن بەهێزی لێکۆڵینەوەکە دەردەخات وە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە رەچاوی دوولایەن بکەین لەکاتی نووسیندا :

أ-لایەنی ناوەرۆك ب- لایەنی تەکنیك

## أ-لایەنی ناوەرۆك

گرینگی ناوەرۆك لەنووسیندا بەپلەی یەکەم دێت وەدەبێ لێکۆڵەر گرینگی پێبدات وەرەچاوی ئەو خالآنەی خوارەوە بکات :

1-پێویستە قوتابی شێوازێکی زانستیانە لە نووسیندا پەیرەوبکات .

2- وشەو دەستەواژەکان ئالۆز نەبن وەبەشێوازێکی دروست بیانخاتە روو.

3- **هەوڵبدات لەدارشتندا رستەی کورت بەکاربێنێ وە لەرووی دەربرینەوە مانا بەخش بێ.**

4- **وشەو دەستەواژەکان زۆر دووبارە نەکاتەوە لە نووسیندا.**

5- **شێوازی نووسینەکان دووربێت لە شێوازی دارشتنی پەخشان واتە زمانێکی زانستیانە بێ.**

6-**بەپێی نیشانەکانی خاڵبەندی ئاماژە بەسەرچاوەکان بکات .**

7-**پەیرەوی یەك جۆر لەبەکارهێنانی پەراوێزبکات.**

8-**پێویستە بەشەکانی لێکۆڵینەوە پەیوەندییەکی بەهێزو بابەتی پێکیانەوە گرێ بدات بەمەرجێ هەربەشەو پەیوندی بەبەشی پێش خۆی و دوای خۆی هەبێت.**

9-**دوورکەوتنەوە لەزیادەرۆی لەنووسیندا وە توندی لەرەخنەی رووخێنەر.**

10- **زیادەرۆی نەکرێ لە وەرگرتنی زانیاری لەسەرچاوەکان واتە دەبێ بەپێی پێویست بێ.**

11- **دەق بەدوای دەق وەرناگیرێ.**

12- **سەرەتای سەرباس هەربابەتێك بە دەق وەرگرتن نابێ.**

## ب ـ لایەنی تەکنیك:

لایەنی تەکنیك لەکاتی نووسینی لێکۆڵینەوەدا یاخود نامەیەکی زانستی دا گرنگە دەبێ وەك چۆن گرنگی بە لایەنی ناوەرۆك دەدرێ هەروەها دەبێ گرنگی بەلایەنی تەکنیکیش بدرێت ، لایەنی تەکنیك زیاتر گرنگی دانە بە رێکخستن و رازاندنەوەی شێوەی دەرەوەی لێکۆڵینەوەکە کە بریتین لە :

1- نووسینی زانیاریەکان لەسەر بەرگی نامەکە ( لێکۆڵینەوەکە) بە پێ ی رێنمایەکان

2- پەرەی یەکەم دووبارەکردنەوەی زانیاریەکانی سەر بەرگە

3- پێشکەش کردن

4- سوپاسنامە

5- پێرست یان ناوەرۆك (پلان)

6- پێشەکی

7- بەشەکان

8- ئەنجامەکان

9- لیستی سەرچاوەکان ( بیبلوگرافیای لێکۆڵینەوە )

هەروەها هەر لە لایەنی تەکنیك دا دەبێت گرنگی بەم لایەنانەی خوارەوە بدرێت

**1: - زمان**

واتە دەبێت زمانی نووسینی لێکۆڵینەوەکە زمانێکی پوخت و زانستی و دوور بێت لەهەموو هەڵەیەکی رێزمانی

2: - رێنووس

واتە پەیرەوی یەك جۆر رێنووس بکەین ، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ، ئەمەش بەتایبەتی لە زمانی کوردیدا لە بەرئەوەی تا ئێستا رێنوسێکی یەکگرتومان نی یە

**3: - خاڵبەندی**

واتە دەبێ لەکاتی نووسین دا پابەندی نیشانەکانی خاڵبەندی بین وە گرنگی پێ بدەین ( نیشانەکان و جێگای بەکارهێنانیان لە رستەدا ساڵانی پێشوو خوێنراوە ) چونکە هەندێ جار : وەك جێ گۆرکێ بە نیشانەی خاڵبەندی مانای ووشە دەگۆرێ :

لێبووردن ، پێویست نی یە ئیعدام بکرێ

لێبووردن پێویست نی یە ، ئیعدام بکرێ

## شێواز و ڕێگاکانی سوود وەرگرتن لەسەرچاوە

لە ڕاستیدا چەند ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی بتوانین لە کاتی وەرگرتنی زانیاری لەسەرچاوەکان وە لە لێکۆڵینەوەکە دەتوانین بە یەکێ لەم ڕێگایانەی خوارەوە ئاماژەی پێبکەین :

### 1: ـ ڕێگای وەرگرتنی ( دەقاو دەق )

واتە لێکۆلەر دەقێکی دیاریکراو وەکو خۆی دەقاو دەق تەنانەت بە نیشانەکانی خاڵبەندیشەوە لەسەرچاوەیەك وەردەگرێ بێ دەسکاری وە لە نێوان دوو چوت کەوانەدا (( . . . . . . )) دادیدەنێ ، وە ئەم وەرگرتنە پێویستە لە ڕوی زانیاری و بیرەوە دژ بە پێش خۆی و پاش خۆی نەبێت وە پاشان نیشانەی پەراوێزی بۆ دیاری دەکا و لە پەراوێزدا بە یەکێك لە ڕێگاکان ئاماژە بەسەرچاوەکە ئەکات .

### 2:. ڕێگای دارشتنەوە

لێرەدا لێکۆلەر ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەکەدا هەیە وەری دەگرێت بەڵام بە شێوازی خۆی دایدەرێژێتەوە بەڵام دەبێت لە رووی ناوەرۆکەوە هەر هەمان ناوەرۆکی سەرچاوەکە بابەدەستەوە ، واتە لێرەدا دارشتن هی لێکۆلەرە بەڵام ماناو ناوەرۆك هی سەرچاوەکەیە وە دەکات لەسەر پەراوێزدا ئاماژە بە سەرچاوەکە .

### 3: ـ ڕێگای کورتکردنەوە

لێرەدا لێکۆلەر ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەکەوە وەریدەگرێت ڕەنگە فراوان بێت بەڵام لێکۆلەر کورتی دەکاتەوە ، وە هەر کەرەسە زمانیەکانی سەرچاوەکە بەکاردێنێ لەگەل زیادکردن و کەم کردنی هەندێ وشەو ڕستە بەو مەرجەی کاریگەری نێگەتیڤانەی نەبێت لەسەر زانیاری سەرچاوەکە ، وەپاشان لە پەراوێزدا ئاماژە بەسەرچاوەکە دەکات .

## پەراوێز

بە عەرەبی ( الحاشیە ) ، مەبەست لە پەراوێز بەشی خوارەوەی لاپەرەکەیە کە بەنیوە هێلێك لە مەتن ( نووسینەکە ) جیادەکرێتەوە ، واتە هەر شتێك لە دەرەوەی مەتن یا ناوەرۆکی بابەتەکە بێت پێویستە بچێتە پەراوێزەوە وە لە پەراوێزدا بە ئاماژەکردن یا پێناسەکردن یا رونکردنەوە وە لەگەڵ سەرچاوەکاندا تۆمار دەکرێت

.

### مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەراوێز

1. ـ بۆ تۆمارکردنی ئەو سەرچاوانەی کە زانیاریان لێ وەرگیراوە

2. ـ ناساندنی ناوی کەسی و شوێنەکان کە لە توێژینەوەکەدا ناویان هاتووە

3- بۆ روونکردنەوەی هەندێ دەستەواژە و زاراوە کە زۆر روون نی یە و لەناو مەتندا هاتووە .

4. ـ بۆ روونکردنەوەیەك یا ئاماژە پێکردنێك کە پێویست ناکات بچێتە مەتنەوە

### رێگاکانی تۆمارکردنی پەراوێز

1- تۆمارکردنی پەراوێز بە پێ ی ریزبەندی لە هەر لاپەرەیەك بەجیا ، ئەمەش ئاسانترین و باوترین رێگەیە بۆبەکار هێنانی پەراوێز هەم بۆ لێکۆلەر وە هەم بۆ خوێنەر

2- تۆمارکردنی پەراوێز بە پێ ی ریزبەندی بۆ هەر بەشێکی لێکۆڵینەوەکە ، واتە لەسەرەتای بەشەکەوە تا کۆتایی بەشەکە بە زنجیرە دەست پێ دەکات ، واتە هەر بەشە پەراوێزی خۆی دەبێت .

3- تۆمارکردنی پەراوێز بە پێ ی ریزبەندی بۆ هەموو توێژینەوەکە ، واتە لە سەرەتای

بەشی یەکەمەوە دەست پێ دەکات بە ژمارە (1) تا کۆتایی هەموو بەشەکان بە زنجیرە بەردەوام دەبێت .

4- تۆمارکردنی پەراوێز بە پێ ی سیستەمی ( کۆد ) واتە لەم سیستەمەدا پەراوێزەکە لە دوو ژمارە پێك دێت ، ژمارەی یەکەم ئاماژەیە بەسەرچاوەکە وە ژمارەی دووەم ئاماژەیە بە لاپەرەی سەرچاوەکە ( پێشتر دەبێ سەرچاوەکان ژمارەیان بدرێتێ واتە هەر سەرچاوەیەك کۆدێکی بۆ دادەنرێ ) : نموونە لە کۆتایی

( 7: 92 )

↓ ↓

ژ.**سەرچاوە** ژ. **لاپەرە**

**5.- سیستەمی هارفارد**

سیستەمێکی نوێ یە لەبەکارهێنانی پەراوێز و ئێستا زۆر باوە لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا پەیرەو دەکرێ بەهەمان شێوە لای خۆشمان ، سیستەمی هارفارد ئاماژە پێکردنی نووسینێك لەناو نوسینێکدا ، واتە لەم سیستەمەدا نازناوی نووسەر ئەگەر هەبوو یا ناوی سێیەمی نووسەر پاشان (،) سالّی بلاّوکردنەوەی سەرچاوەکە پاشان (، ) ژمارەی لاپەرەکە ئەمەش لە ناو نوسینەکەدا لە نیو دووکەوانەدا ئاماژەی پێ دەکرێت وە پاشان لە لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی لێکۆلینەوەکە بە پێ ی پیتی هیجائی رێك دەخرێ بەم شێوەیە :

نازناو یان ناوی سێیەمی نووسەر (،) ناوی خۆی و باوکی ، سالّی **چاپ** ، ناونیشانی سەرچاوە ، **چاپخانە, چاپی چەندە,** شار

**چەند نموونەیەك لە شێوەکانی تۆمارکردنی پەراوێز**

**:1 ـ کتێبەکان**

**ـ ئازاد ئەحمەد ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم , هەولێر ،**
**2009 ، ل**

<u>تێبینی</u> :

ئەگەر زیاتر لەیەك جار سەچاوەیەك دوبارە بۆوە ئەوا زانیاریەکان کورت دەکرێتەوە تەنها
**ناوی نوسەر وناونیشان و لاپەرە تۆماردەکرێت:**

- نموونە:

**- ئازاد ئەحمەد ، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا , ل**

**-2 گۆڤار و رۆژنامەکان**

**ـ ئیدریس عبداللە ,فۆلکلۆر لەشیعرە کوردییەکانی حاجی قادری کۆیدا, گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر**
**,ژمارە(3),2001,ل**

**:3 ـ نامە زانستیەکان**

**ـ سەردار ئەحمەد, بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (1970-1991), نامەی دکتۆرا, کۆلێژی**
**زمان , زانکۆی سلێمانی , 2002, ل**

**:4 ـ چاوپێکەوتن**

ـ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ . . . . . . . . . رۆژی . . . . . . . . . ئەنجام دراوە

**-5 سایتی ئینتەرنێت**

-http.www.merriam

## پێشەکی چی یە و چۆن دەنووسرێت؟

دەکرێ بڵێین هیچ لێکۆڵینەوەیەك بەبێ پێشەکی نابێت ، بۆیە بە پێشەکی ناوی دەبەین چونکە لەروی تەکنیکەوە دەکەوێتە پێشەوەی لێکۆڵینەوەکە بەڵام لەروی ئەنجامدانەوە دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکە دەنووسرێت .

پێشەکی دەروازەیەکە بۆ چونە ناو لێکۆڵینەوەکە و ناساندنی لێکۆڵینەوەکەیە بە خوێنەر .

لەروی ئەنجامدانەوە دەبێ پێشەکی کورت و چرو پر بێت وە سەرەتا بەو هۆکارانە دەست پێ دەکەین کە بونەتە هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ، پاشان ئاماژە بەو گیروگرفتانە دەکرێت کە هاتوتە رێگامان وە باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنیان دەکەین ، پاشان ئاماژە بە پەیرەوکردنی جۆری میتود (رێباز) دەکرێت ، دواتر باسی بەشەکان دەکەین کە بە چەند بەش لێکۆڵینەوەکە نووسراوە و وە کورتەیەك دەربارەی هەر بەشێك دەنووسیت ، لە کۆتایشدا دەڵێیت لێکۆڵینەوەکەمان بە کۆمەڵێك ئەنجام و لیستی **سەرچاوەکان** کۆتایی پێ هێناوە .

## رێگای چاوپێکەوتن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری

دەبێت ئەو راستی یە بزانین کە تەنها سەرچاوەی چاپکراو بەس نی یە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری وەك ( کتێب ، رۆژنامە و گۆڤار ، نامەزانستیەکان ، دەست نوسەکان . . . هتد ) بەڵکو هەندێ جار کەناڵی ترمان هەیە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری وەك رێگای چاوپێکەوتن - المقابلە .

رێگای چاوپێکەوتن یەکێکە لە رێگا باشەکان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری ، رێگەیەکی زارەکی یە ، واتە لێکۆڵەر دەتوانی راستەوخۆ چاوپێکەوتن ئەنجام بدات وەزانیاریەکان وەربگرێت بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زانیاریان لایە یاخود مامۆستایەك یا شارەزایەك .

بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن دەبێ لێکۆڵەر پێشتر خۆی ئامادە بکات وە نابێت راستەوخۆ ئەنجامی بدات ، واتە دەبێت خۆی ئامادە بکات و رەچاوی ئەم خاڵانە بکات :

1- دەبێت پێشتر پرسیارەکان ئامادە بکات

2- پێشتر شوێن و کاتی چاوپێکەوتنەکە دیاری بکات

3- پێشتر ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی ئاگادار بکرێتەوە لەو بابەتەی کە پرسیاری لێ دەکرێت

4- چاکترە ئامێرێکی تۆمارکردن ( مسجل ) لەگەڵ خۆت بەری بۆ تۆمار کردنی چاوپێکەوتنەکە

هەروەها لێکۆلەر دەتوانێ سودێکی باش لە چاوپێکەوتن وەربگرێت ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە :

1. - لێکۆلەر دەتونێ راستەوخۆ وە رووبەروو ئەو زانیاریەی کە دەیەوێت وەریبگرێت

2- رێگای چاوپێکەوتن بواری گفتووگۆی تێدایە ، وە دەتوانی لە رێگەی گفتوگۆوە پرسیاری ترت لا دروست ببێت

## مامۆستای سەرپەرشتکار

واتە ئەو مامۆستایەی کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەت دەکات کە لە لایەن سەرۆکایەتی بەشەوە دیاری دەکرێت ، ئەم مامۆستایە هەر لە سەرەتای کارکردنەوە تا کۆتایی لێکۆڵینەوە لە گەڵدایە و رێنمایت دەکات وە رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکە . بۆیە دەبێت دیاریکردنی هەڵبژاردنی مامۆستای سەرپەرشتکار قوتابی رەچاوی ئەم دوو خاڵە بکات :

1- چاکترە پسپۆری مامۆستای سەرپەرشتکار زۆر نزیك بێت لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەت .

2- نابێت قوتابی لایەنی سۆز و پەیوەندی تایبەتی رەچاو بکات بۆ دیاری کردنی مامۆستای سەرپەرشتکار ، بەڵکو

دەبێت لەرووی زانست و پسپۆریەوە بێت

.

**ئەنجامەکان**

واتە دوا هەنگاوی لێکۆڵینەوەکەیە ، بریتی یە لەو بیرو بۆچوونە زانستیانەی کە لێکۆلەر بەدەستی هێناون لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی فراوان لە لێکۆڵینەوەکەدا باس کراوە وە لە ئەنجامەکاندا کورت دەکرێتەوە وە بە شێوازێکی روون و ئاشکرا لە چەند خاڵێکدا تۆمار دەکرێت . واتە دەبێت بە شێوەی خاڵ ( 1 ، 2 ، 3 ) تۆمار بکرێت.

**-بیبلۆگرافیای لێکۆڵینەوەکە ( سەرچاوەکان )**

مەبەست لە بیبلۆگرافیای لێکۆڵینەوەکە واتە ئەو سەرچاوانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکار هێنراوە سوودی لێ وەرگیراوە جارێکی تر لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکە تۆمار دەکرێت ، بەڵام تۆمار کردنەکە دەبێت بە شێوەیەکی رێك و پێك بێت واتە سەرەتا ( کتێبەکان ) جا کتێبە کوردیەکان بەجیا عەرەبیەکان بەجیا ئینگلیزی بەجیا . . . هتد وە هەریەکەشیان بە پێ ی پیتی هیجائی ریز دەکرێن واتە لە ( أ تــا ی) .

دواتر گۆڤارو رۆژنامەکان بەهەمان شێوە وەبەپێ ی زمانی نووسینی رۆژنامەکە بە جیا تۆمار دەکرێت و بە پێ ی پیتی هیجائی رێك دەخرێت .

پاشان نامە زانستیەکان دواتر دەستنووسەکان ( ئەگەر هەبن ) ، پاشان چاوپێکەوتنەکان و پاشان سایتە ئەلیکترۆنیەکان .

واتە ئەوەی گرنگە لە ئاماژە کردن بەسەرچاوەکان .

1- پۆلێن کردنیان بە پێ ی جۆر .

2- ریزکردنیان بە پێ ی پیتە هیجائیەکان لە ( أ تـا ی)